- . جا سەری زبانیان بۆ لوول‌بکریٚ یان پان‌بکریٚتەوە - بە پیٚی ناوچە - هیچ لە باری مەسەلەکە ناگۆڕیو لەو ژمارەیەو لەو گیانەوەرە بەولاوە چی‌دیکە ناگەیەنن . . بەنموونە لە عەرەبیدا ، (سار ، صار ، ثار] هەریەکەیان واتای جیاوازی‌هەیەو بڕدانی ئەو دەنگ‌و پیتانە بەجیٚیە .

٧ - دیسان وایان داوەتەدەست کە پیتی (هـ)و پیتەبزویٚنی «ە» یەکیٚکن . بەوپیٚیە دەبیٚ دروست‌بیٚ کە بنووسینی : «ههحمانهد» = «هەمانە» یان بنووسین «ەمزە» = «هەمزە» .

٩ - ئەم قسە رەبەقانەش بەدەم ئەم وئەوەوەن :

أ - بیٚژەی کوردی چۆن لە دەم دەردەچیٚ بە هەموو ئیٚلات‌و خیٚڵاتیەوە ، ئاواش بنووسریٚ .

گوتومە :

«ویٚنەگرتنی گشت دەنگ‌و کۆمەڵەدەنگ‌و راستەدەنگ‌و لارەدەنگ ، پسکەو منگەو فنگەو دوولۆو ، گیرەکرکەو رەهاکرکەو قورسەدەنگ‌و . . . هەریەکەیان بە شکڵ‌و ئەندازەی خۆی ، ئاواتی هەموانە . . . بەڵام ئاوات شتیٚکەو واقیع شتیٚکی‌دیکەیە ؛ ئەو هەمکە شتە ، بە «٣٥» ویٚنەپیت‌و تاکەچوکڵەی «٧» دابین‌ناکریٚن .

ب - هەندیٚ ریٚنووسەوان دەڵیٚن :

ئەگەر وشەیەکی بیٚگانە کەوتە نیٚو نووسینمانەوە ، دەبیٚ گۆکردنە تایبەتیەکەی‌بە رەمزیٚکی خۆمان بپاریٚزین» .

کورتەوەڵام :- پاسی ئەم جیهانە بە ریٚنووسی ئیٚمە ناکریٚ . تا ئەندازەیەك دەسپیٚردریٚ بە فەرهەنگستان .

بەر لەوەی ریٚنووسی کوردی بکەینە - ئسپرانتۆ - سادەترین گرفتی خۆمان دەوردەکەمەوە :

ئەوە نیوە سەدەیەکە لە بارەی «ر» ی گڕی‌کورد یەوە لە دەمەقاڵی‌داین ، تەنانەت هەندیٚ لە زاناکانمان ئەو «ر» یە لە «رر» ی گیراو جیاناکەنەوەو لە بەر هەمەکانی خۆیاندا، بە دووبارە دەنووسن «زەررە ، بە ررە» بە حیسابی ئەوان دەبیٚ بشنووسین «مسقاڵە زەرررره» بۆ ئەوەی لە «زەررە» ی ناوەدەنگ جیا ببیٚتەوە ! ! ئەمەش بەهەرحاڵ ، لەسەر ئەوە هەر لە دەمەقاڵیداین کە چوکڵەی «٧» لەسەر «ر» ی گڕبیٚ یان لە ژیٚریەوەبیٚ ؟ ! لەهەموو سەریٚکەوە ، لەژیٚرەوەبیٚ پەسندترە

جـ - هانابردنە بەرکۆڕو کۆنگرە :

بۆ ری‌کەوتن لەسەر هیٚڵەگشتیەکان‌و پلان‌دانان کاریٚکی باشە ، دەنا بۆ شی‌کردنەوەیەکی میکانیکیانەو زانستانە ، دەنگدانەوەی هۆڵ‌و سەرپیٚیانە چ دادیٚك‌نادا .

د- دەڵیٚن : تادەتوانریٚ وشەی ناسادە ، بە یەکەوە بنووسریٚ . . ئەویش لە پیٚناوی سفتیدا . ئەمە ناچیٚتە قاڵبی دەستووردانانەوە ، بەو پیٚیە کارەکەمان دەبیٚتە گۆترەکاری‌و لەنیٚوان (دەتوانریٚ‌و ناتوانریٚ) دا ، گیٚژدەخواتەوە .

تا ئیٚستا چ ریٚنووسەوانیٚکمان جۆری داریٚژراوو لیٚك‌دراوی دەست‌نیشان‌کردوەو دەستووری لی‌ٚتاوداین ؟ ! بەش‌بەخۆم ئەم لایەنەم‌کردووتە «٩» بەش‌و لە پیٚنج‌بەشیاندا ، دەتوانریٚ بە دەستوور سفت‌نووسی بکریٚن . . «٢» ئەوانی‌دیکەش بە لیٚك‌ترازاوی .

ئەگەر بەدەست‌من‌بیٚ دەنووسم (ری‌ٚنووس) ؛ چونکە دەستوورەکە بە ئەوەندە سازنابیٚ ، کە بڵیٚین : ·

هەرچی وشەی دیارناو «علم» ە ، بەسەریەکەوە بنووسریٚ .

هـ - ئەگەر نووسینمان بە لاتینی بیٚ ، هەموو کۆسپیٚك تەخت‌دەبیٚ ؟ !

جاریٚ دەبیٚ لە سنووری دەسەڵاتەوە بۆی بڕوانین . . بە هەرحاڵ ئەو پیتانە جیهانین‌و سفتترن ، بڵام زۆرینەی تەگەرەکان لەویٚشدا دووبارەدەبنەوە ، ئەوەندە هەیە ژیٚری فرەکرت «أ» و جیاوازە شکڵی ،[ ز /ﷲ لە ویٚدا چارەکراوە ، بەڵام گیٚرە شیٚوێنی‌ی (ء) هەمزەو ،ﷲ ،-ﷲبڕگە ، گەڵی ئاڵۆزترە .

و- بڕدانی پیتی «ئا ، أ ، لا . . . هتد .

کاریٚکی نالەبارە ؛ چونکە ئەوانە بڕگەن . . بەوپیٚیە دەبیٚ بشیٚ کە بڕگەی «گا» ش ، بە تاکەپیت ناودیٚربکەین ! ! «٣»

١٠ - پیتی - واو -

لە کەموکوورِیەوە هەمان‌پیت «و» نیشانەی دەنگ‌و بزویٚنە .

کورتەیەك :

أ - لەسەرەتای وشەوە بەیەك «و» وەك :

[وشە ، وتە]

ب - هەموو [وو] یەك کە بەرەنگاری بزویٚن دەبیٚ ، دەبیٚتەوە بەدەنگدارو پیٚشی‌خۆی بە نیمچەبڕگە بەحی‌ٚدەهیٚڵیٚ وەك دەنووسم :

بوو + ەوە = بوەوە . نانووسم بووەوە .

بەڕوو + ان = بەڕوان . نەك بەڕووان .

جـ - لە نیٚوەندی وشەدا ، بە دریٚژی‌و جووتە واو دەپاریٚزریٚ ، وەك (کوڕ ، کووڕ) .

د - لە کۆتابی وشەدا بە تاك‌بیٚ یان بەجووت بەدریٚژی گۆدەکریٚ ، وەك (بوو ، شوو . . .)

هـ - بزویٚن + و = دەنگ : داو .

